لە سکرتاریەتی کۆمیتە مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە...

# شاری بەسرە یەکەمین کۆنگرەی کرێکاری لە خۆ دەگرێت

ڕۆژی هەینی 26-12 کۆنگرەی فراوانی نوێنەرانی کرێکاران لە شاری بەسرە، بە ئامادە بوونی زیاتر لە 200 کادری کرێکاری و لە ژێر دروشمی هێزی چینی کریکار لە یەکێتی و ڕێکخراو بوونی دایە ، بەسترا.

کۆنگرەکە سەرەڕای باسێك سەبارەت بە هەلومەرجی جوولانەوەی کرێکاری لە شاری بەصرە کە لە لایەن هاوڕێ ( **علی عباس** )ەوە پیشکەش کرا چەند باسی تری سەبارەت بە نەخشی کرێکاران لە دیاری کردنی ئایندەی سیاسی کۆمەڵگای عیراق و هەروەها سەبارەت بە ئازادی ڕێکخراوبوونی کرێکاران لەلایەن ( **فلاح علوان** ) و باسێك سەبارەت بە یەکێتی چینی کریکار لە لایەن ( **عبدالكريم عبدالسادە** )، لە خۆگرتبوو.

شایانی باسە هاوڕێیان ( **نادیە محمود**) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و( **ینار محمد** ) سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی ژن و ( **قاسم هادی** ) سکرتیری یەکیتی بێکاران هەر یەك بە ووتار وباس لەم کۆنگرەیەدا بەشداری‌یان کرد و لەگەڵ پێشوازی گەرمی ئامادەبووان بەرەوڕووبوون.

کۆنگرە چەند بڕیارنامەی سەبارەت هەلومەرجی خەباتی کرێکاران و ئازادی ڕێکخراوبوون و هەروا سەبارەت بە هەڵویست گرتن لە داگیرکردن و حکومەتی دەستکەلای دەسەلاتی داگیرکار ورۆڵی کرێکاران لە بەرەنگار بوونەوەی مەدەنی‌یانە لە دژی داگیرکاری پەسەند کرد و کۆنگرەکە پاش چەند سەعات لە نێو شوروشەوقی گەورەی ئامادەبووان کۆتایی هات.

2004 / 12 / 4